١٠١

## پێشوازی لە ١٤ بەڕێوبەر کردووە

# ( ٤٠ ) ساڵ لە مێژووی کۆمپانیای نەوتی باکوور

فەرهاد حەمزە محەمەد*

پێش ٨٣ ساڵ کەنەوت لەشاری کەرکوک لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانەوە دۆزرایەوە چەند رێکەوتنامەو پرۆتۆکۆلێك لە نێوان حکومەتی پاشایەتی عێراق و کۆمپانیا بیانیەکان بەسترا کە عێراقیان ناچار کرد پابەند بێت پێوەیان چونکە حکومەتی ئەوسای عێراق لە وزەیدا نەبوو پرۆسەی گەڕان و دەرهێنانی نەوت ئەنجام بدات. یەکێك لە بەندە گرنگەکانی ئەو رێکەوتنامەیە بەندی حەوتەمە لە پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٥ کە تیایدا هاتووە ((پێویستە کۆمپانیاکە بە ناوی بەریتانیاوە تۆمار بکرێت و بارەگای کارە سەرەکیەکانی لە چوارچێوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا نەچێتە دەرەوە )) . ئەم بەندە وای کرد هەردەم بەڕێوبەری گشتی ئەو کۆمپانیایە بیانی بێت بە تایبەت ئینگلیز . لەبەر ئەم هۆیە بە درێژایی ماوەی نێوان ساڵی ١٩٢٧ کەنەوت لە کەرکوک دۆزرایەوە تا ساڵی ١٩٧٢ کەنەوتی تێدا خۆماڵی کرا و لە دەست ئینگلیزەکان دەرکرا هەرچی بەڕێوبەری گشتی هەبوو هەمووی بیانی بوون. هەر بەپێی ئەو رێکەوتنامەیە یەك یا دوو عێراقی شان بەشانی ئەو بەڕێوبەرە گشتیە کاریان دەکرد وتا رادەیەك دەسەڵاتیان هەبوو.

لەو سەردەمەدا بەڕێوبەرەکان لەسەر بناغەی تواناو لێهاتوویی دادەمەزران دەبوایە شارەزای تەواوی کێلگە نەوتیەکانی ناوچەکە بونایەو لە بواری کارەکەی خۆیاندا زۆر پسپۆر بوونایە, بۆ نمونە مستەر ((بریکس)) لە ساڵی ١٩٣٣) ەوە هاتوە بۆ عێراق و لە کۆمپانیای نەوت کاری کردووە و زۆربەی بەشەکانی کۆمپانیاکەی بینیوە تا لە ساڵی ١٩٥٩ گەیشتوەتە پۆستی بەڕێوبەری گشتی. یەکێکی تریش کە مستەر (تود)ە لە بواری کارەکەی خۆیدا زۆر پسپۆر بووەو ماوەی ٢٨ ساڵ لەو کۆمپانیایە کاری کردووە دواتر لە ساڵی ١٩٦١ کراوە بە بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) کەبارەگاکەی لە شاری کەرکوك بوو. بەڕێوبەرێکی تر ناوی مستەر (تیسۆ) بوو کە شوێنێکی بۆ حەوانەوەی خۆی دروست کردبوو پاش رۆیشتنیشی ئەو شوێنە لە ناو خەلکدا هەر بەو ناوەوە دەناسرا. دوا بەڕێوبەری ئینگلیز مستەر (گلن )بوو کە لە سەرەتادا جێگر بوو پاشان بوو بە بەڕێوبەری گشتی و تا خۆماڵیکردنی نەوت لە ساڵی ١٩٧٢ مایەوە.

حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٢ تا پرۆسەی ئازادی لە ساڵی٢٠٠٣ ئەو بەڕێوبەرانەی دایدەمەزراندن هەموو عەرەبی بەعسی بوون ، تواناو شارەزایی و لێهاتوویی رۆڵی نەمابوو, تاقە پێوەر وابەستەیی و ملکەچ کردن و بەعسی بوون بوو, لە ماوەی ئەو ٣١ ساڵەدا ١٠ بەڕێوبەر پۆستی بەڕێوبەری گشتیان وەرگرتووە کە هەموویان عەرەبی دەرەوەی کەرکوك بوون و زۆربەشیان لە دەرەوەی کۆمپانیاکەوە هاوردە دەکران , ئەمەش ناوەکانیانە:-

((غانم عبدالجلیل پارێزگاری کەرکوك بوو راستەوخۆ دوای خۆماڵیکردنی نەوت لە ساڵی ١٩٧٢ کرایە بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە، لە هەوڵە ئینقلابیەکەی ساڵی ١٩٧٩ بە بریاری سەدام حوسێن ئیعدام کرا، عبدالستار الراوی، اسماعیل النجار، ماجد الحمدانی برای عدنا ن حمدانی بوو ئەمیش لە ساڵی ١٩٧٩ دوای ئیعدام کردنی براکەی لە پۆستەکەی لادرا، هاشم الخرسانی، دکتۆر سامی شریف، غازی صابر علی، تەلال عاشور کنعان، رافد عبد الحکیم، علی حمید))

ئەوەی تێبینی دەکرێ هەموو ئەم بەڕێوبەرانە عەرەبی دەرەوەی کەرکوك بوون، هیچ کامێکیان عەرەبی شارەکە نەبوون.

بەعس لەم کۆمپانیایەدا لە بەخشینی پۆستدا جیاوازی نەئەکرد لە نێوان عەرەبی شیعەو سوننەدا ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو هاوردە بوایە و عەرەبایەتی شارەکە تۆخ بکاتەوە ئەگینا عەرەبی شارەکە تا رادەیەك لە پێدانی پۆستدا پەراوێز خرابوون ، ئەم سیاسەتە تا ئێستاش رەنگدانەوەی لە سەریان ماوە.


مستەر بریکس


مستەر تود


عادل قەزاز


شێخ مەناع عوبەیدی


سەفا عەبدول رەحمان


حەمید ساعدی

بە هاتنی پرۆسەی ئازادی و رووخانی بەعس بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە هەڵات، دواتر بە هەماهەنگی نێوان ئەمریکیەکان و بەرپرسانی کورد عەرەبێکی بێلایەنی سوننەیان بە ناوی (( عادل قەزاز )) کرد بە بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە رووداوێکی تەمومژاویدا لەوکاتەی بە مەبەستی کۆبوونەوە سەردانی بەغدای کردبوو وون بوو تا ئەم کاتەش هیچ شوێنەوارێکی نیە. پاشان ((شێخ مەناع عوبەیدی))کە ئەندازیارێکی عەرەبی سوننەی کەرکوکیە و ساڵانێکی زۆرە کارمەندی کۆمپانیاکەیە بە بەڕێوبەری گشتی دەست نیشان کرا. هەر لەو ماوەیەدا بە هەوڵی بەرپرسانی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆمپانیاکەدا کارمەندێکی کورد بە ناوی (( سەفا عەبدول رەحمان )) کرا بە یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی . ناوبراو کارمەندێکی کۆنی نەوتەو شارەزا بوو لە زۆر لایەنی کۆمپانیاکە.

لە ٢٠١٠/١/١ شێخ مەناع خانەنشین کراو ئەندازیارێکی تری کۆمپانیاکە بە ناوی ((حەمید ساعدی)) کرا بە بەڕێوبەری گشتی.

لە ٢٠١٣/١/٢ ساعدی خانەنشین کراو لە شوێنیدا ئەندازیار (( سەمیر سەلمان تائی)) بوو بە بەڕێوبەری گشتی، تائی خەلکی بەغدایەو زیاتر لە ٣٠ ساڵە نیشتەجێی کەرکوکەو بە چواردەهەمین بەڕێوبەر دەژمێردرێ لە ماوی ٤٠ ساڵدا.

* شارەزا لە بواری نەوت

١٠٣

# هەناردە کردنی نەوتی کەرکوک لەڕێگەی تورکیاوە



فەرهاد حەمزە محەمەد*

یەکێك لەخاسیەتە گرنگەکانی ناردنە دەرەوەی نەوت ئەوەیە ئەوشوێنەی لوولە نەوتییەکانی پێداتێپەڕدەبێت شوێنێکی ئارام ودوور لەشەڕو شۆڕ بێت تا پرۆسەی ناردنی نەوت نەوەستێنێت ودامەزراوەکان دووچاری پەککەوتن نەبن، لەسەرەتادا لوولە نەوتیکانی کەرکوك بەسوریا ولوبنان وفەلەستین دا تێپەر دەبوون کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی پێشوودا شوێنی شەڕو شۆڕو زۆرانبازی وململانێ بوون بۆیە هەر بەیناو بەینێك لەکارکردن دەوەستا جارێك بەهۆی شەری ئیسرائیلەوە، جارێکی تر بەهۆی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر، هەموو ئەمانە وای لەبەرپرسان کرد بیر لەرێگەیەکی تر بکەنەوە کە ناردنە دەرەوەی نەوت تێیدا ئارام بێت، بیرۆکەی ناردنە دەرەوەی نەوت لەرێگەی تورکیاوە لەئەیلولی ١٩٥٧ سەری هەڵدا ئەوکاتەی وەزیری ئابووری عێراق لەسەردانێکیدا بۆ لەندەن لەگەڵ گەورە بەرپرسانی کۆمپانیای IPC کەوتنە باسکردنی مەسەلەی راکێشانی لوولە نەوتی نوێ، لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنی ئینگلیزی داوایان کرد بۆرییە نەوتیە نوێیەکان بەتورکیادا تێپەر بکرێت بەڵام لایەنی عێراقی قبووڵیان نەکرد ئەو بۆرییانە لەووڵاتانی عەرەب بەولاوە بە هیچ شوێنێکی تردا تێپەر بێت .

بیرۆکەکە وەك خۆی مایەوە تا ئەوکاتەی لەتەمموزی ١٩٦٨ بەعسیەکان هاتنە سەرتەخت، بەعسیەکان لەگەڵ دەسەڵات گرتنە دەستدا کاریان بۆ خولقاندنی رێگەیەکی تری هەناردە کردن کردەوە لەبەر ئەم هۆیانە:-

١- ئەوکاتە ناردنە دەرەوەی نەوت تەنها لەرێگەی سوریاوە بوو،بۆیە ترسی ئەوەیان هەبوو بەتەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو باڵی بەعس لەعێراق وسوریا تەگەرەش بکەوێتە رێگەی هەناردنی نەوت کە کاردانەوەی لەسەر رژێمی نوێی عێراق دەبێت .

٢- دوای ئەنجام دانی خۆماڵی کردنی نەوت لە ساڵی ١٩٧٢ تەواوی دامەزراوەکان کەوتنە دەست حکومەتی عێراق، رادەی بەرهەم هێنان بەرزەوە بوو، ئەمەش وای لێکردن بیر لەرێگەیەکی تر بکەنەوە بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت.

٣- یەکێك لەسیاسەت وخاسیەتەکانی حوکمی بەعسی فرە سەرچاوەیی بوو بۆ ناردن وهێنان (تصدير واستيراد)، ئەگەر سوریا نەوتەکەی ببەستێت ئەوا تورکیای دەمێنێ .

ئەوەبوو لە ١٩٧٤/١٢/٢٦ رێکەوتنامەی دامەزراندنی هێلی عێراق -تورکیا لەنێوان هەردوو حکومەت دا ئیمزاکرا، لە٧ی نیسانی ١٩٧٥ دەستکرا بە کارکردن لەو هێڵە لەلایەن کۆمپانیای (مانسمان)ی ئەڵمانیەوە، پرۆژەکەش بریتی بوو لەراکێشانی لوولەیەکی ٤٠ ئینجی بەتوانای ٧٥٠هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا، ئەمە جگە لەدانانی چەند وویستگەیەکی پاڵنان (محطات ضخ) لەهەردوو بەری عێراق وتورکیادا، لەگەڵ دانانی وویستگەیەکی پێوان (محطة القياسات Measurmg station) لە نزیك زاخۆ، درێژی هێڵەکە ٩٨٥,٣ کم لەوویستگەیIT1 کە دەکەوێتە نزیك ناحیەی یایچی لە دووری ٢٦کم لە رۆژئاوای کەرکوکەوە دەست پێ دەکات، ماوەی ٣٤٥کم ی پرۆژەکە دەکەوێتە ناوخاکی عێراقەوە واتە لەکەرکوکەوە تا زاخۆ، ٦٤٠,٣کیلۆمەتریشی دەکەوێتە خاکی تورکیاوە، هێڵەکە لە رووباری دجلە وزێی خابوور دەپەرێتەوە دەچێتە خاکی تورکیاوە .

لەکانونی دووەمی ١٩٧٧ تەها محی الدين معروف جێگری سەرەك کۆماری ئەوسای عێراق پرۆژەی بۆری نەوتی عێراق تورکیای کردەوە، لەکاتی کردنەوەکە دا ئاهەنگێکی گەورە سازکرا کە سلێمان دیمریل سەرەك وەزیرانی ئەوسای تورکیاو ژمارەیەك وەزیری تری لەگەڵدا بوو، لەسەرەتای ئاهەنگەکە (تايە عبدالكريم) وەزیری نەوتی عێراقی ووتی: ئەمرۆ لەگەڵ میوانە ئازیزەکانمان لەدراوسێی دۆستمانەوە تورکیا کۆئەبینەوە .

لەم بارەیەوە رۆژنامەی (وطن) کە لەتورکیا دەردەچێ ستایشی پرۆژەکەی کردو نووسیبوی ((عێراق پاش خەباتێکی دژوار دژی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان نەوتی خۆی خۆماڵی کردووەو ئەو ئاواتەی بەدی هێناوە کەگەلی عەرەب لەماوەی ٥٠ساڵ خەبات دژی مۆنۆپۆلە بێگانەکاندا خەونی پێوە دەبینی))

لەئازاری ١٩٧٧ بەشێوەیەکی ئەزموونی کاربەهێڵەکە کرا، دوای ئەوە بەماوەیەك هەندێ گۆرانکاری تێدا کرا تاووزەی ناردن گەیشتە ١,٠٥٧,٠٠٠ بەرمیل لەرۆژێکدا .

لەساڵی ١٩٨٦ هێڵەکە فراوانیەکی تری بەخۆوە دی ولوولەیەکی تری ٤٦ ئینجی بۆ راکێشرا، بەپێی توێژینەوەیەکی کۆنگرسی ئەمریکا توانای هەناردنی هەردوو لوولەکە ١,٦٠٠,٠٠ بەرمیلە لەرۆژێکدا .

ئەم هێڵە بەحوکمی ئەوەی بەشێکی زۆری بە ناوچە سوننە نشینەکاندا تێپەر دەبێت لەبەر ئەوە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە کەوتە بەر شاڵاوی تیرۆرستان و زۆر جار دوچاری تەقاندنەوە دەبوون , ئەمە وای لەو لوولانەکرد دابرزێن و رۆژانە پێویستی بە چاککردنەوە بێت .

ئێستا ئەم لوولە نەوتیە توانای جارانی نەماوەو ناتوانێت ئەو برەی لێوە رەوانە بکرێ کە لە سەرەتادا هەبوو . لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە تا ئەمرۆ لە ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا زیاتری لێوە هەناردە نەکراوە .

* شارەزا لە بواری نەوت

# نەوتی کەرکوك و کۆمپانیای بیانی

فەرهاد حەمزە محەمەد*

لەسەدەی پێشوودا و بە تایبەت لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا حکومەتی عێراق بۆ گەشە پێدانی کێڵگەی نەوتی کەرکوك بەردەوام کۆمپانیای بیانی دەهێنا بۆ کارکردن لە بوارە جیاوازەکانی پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوتدا بەمەبەستی زیادکردنی ڕادەی هەناردەکردنی نەوت کە شادەماری ئابوری عێراق بوو . لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا بارودۆخی سیاسی و ئەمنی وڵاتەکە بە کەرکوکیشەوە بە جۆرێك تێکچوو ئیتر کۆمپانیا بیانیەکان ئامادەییان تێدا نەبوو ڕوو لە ناوچەیەکی نائارام بکەن و سەرمایەی خۆیانی تێدا خەرج بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی نەوت هەر لە هەوڵدا بوو بۆ ڕازیکردنی کۆمپانیا بیانیەکان بۆ ڕوو لە عێراق کردن، ئەوەبوو توانی چوار خولی مۆڵەت پێدان ((جولات التراخيص)) ئەنجامبدات بەمەبەستی ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بۆ کارکردن لە کێڵگە نەوتیەکانی عێراق.
لە خولی یەکەمدا ژمارەیەك کێڵگەی باشووری عێراق و هەردوو کێڵگەی بای حەسەن و کەرکوك لە سنوری پارێزگای کەرکوك خرانە زیادکردنەوە ، لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ تەندەرەکان کرانەوە، کێڵگەکانی باشوور زۆربەیان داوایان لە سەربوو کەچی کێڵگەی نەوتی کەرکوك هیچ کۆمپانیایەك نەیویست کاری تێدا بکات. بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی ڕازی نەبوون بە کارکردن لە کەرکوك با بگەڕێینەوە بۆ باکگراوندی کێڵگەکە:-
کێڵگەی کەرکوك لە ٣ گومەز ( قبە – DOM ) پێکهاتووە کە بریتین لە بابا، ئاڤانا، خورماڵە درێژییەکەیان ١٠٠ کیلۆمەتر و پانیەکەشی ٤ کیلۆمەتر دەبێت لە ناوچەی ((جەبەل بۆر))ەوە دەکشێ تا نزیك ناوچەی ((گوێر)). زۆربەی بیرە نەوتەکان لە هەردوو گومەزی بابا و ئاڤانا هەڵکەنراوە هەرچی گومەزی خورماڵەیە ژمارەیەکی کەمی بیری نەوتی تێدایە و ژمارەی بیری بەرهەمهێنی لە ١٥ بیر تێناپەڕێت، بەرهەمی ڕۆژانەی تەنها ٥٠ هەزار بەرمیلە. ئەم گومەزە دەکەوێتە ناو سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. یەدەکی کێڵگەی کەرکوك ٩ ملیار بەرمیلە و زیاتر لە ٨٠ ساڵە نەوتی لێدەردەهێنرێت، لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرهەمی گەیشتە زیاتر لە یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەچی ئێستا لە باشترین حاڵەتدا ٥٠٠ هەزار بەرمیل تێپەڕ ناکات کە لە چاو یەدەکەکەیەوە کەمە.
بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو دەرهێنانی نەوت لە هەردوو گومەزی بابا و ئاڤانا وە بووە و پێویستیەکی وەهایان بە گومەزی خورماڵە نەبووە . لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمپانیای نەوتی باکوور هەوڵی دا کار بە گومەزی خورماڵەش بکات بەڵام ئابڵوقەی ئابووری سەر عێراق ڕێگرییەکی گەورە بوو لە ڕێگەیان. لە ساڵی ٢٠٠٤ وەزارەتی نەوت بە مەبەستی ژیاندنەوەی گومەزی خورماڵە گرێبەستێکی لەگەڵ دوو کۆمپانیای بەریتانی و تورکی ئیمزا کرد بۆ هەڵکەندنی ژمارەیەك بیری نوێ تا سەرەنجام بەرهەمی گومەزەکە لە ٥٠ هەزارەوە بگاتە ٢٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. دوای گەیشتنی کەرەسەکانی کارکردن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٧-١١-٢٠٠٧ ڕێگەی کارکردنی لەکۆمپانیاکان گرت لە بەر ئەوەی ناوچەکە کێشە لەسەرەو پێویستی بە ڕەزامەندی پێشوەختی حکومەتی هەرێمە. وا پێدەچێت لەبەر ئەم هۆیەش بووە هیچ کۆمپانیایەك ئامادە نەبووە لە خولی یەکەمی مۆڵەت پێداندا کێڵگەی نەوتی کەرکوك وەربگرن تا خۆیان نەئاڵێننە کێشەی نێوان بەغداو هەرێمەوە ، هۆیەکی تریش ناوچەی کێڵگەی نەوتی کەرکوك لە ناوچە گەرمەکانە و پەلاماری دام و دەزگا نەوتیەکان دەدرێت.
لەم ساڵانەی دواییشدا کۆمپانیای نەوتی باکوور زۆر کۆششی کرد تا کۆمپانیای ((بریتش پترۆلیۆم -BP))ی بەریتانی قایل بکات بە هاتن بۆ کەرکوك بە مەبەستی نۆژەن کردنەوەی کێڵگەکەو زیاد کردنی بەرهەمی، دوای چەندین هاتن و چوون کۆمپانیای BP ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ کارکردن لە کەرکوك، بە پێی گرێبەستی نێوانیان کۆمپانیای ناوبراو ماوەی ١٨ مانگ لە کێڵگەی کەرکوك بە پارەی خۆیان کاردەکەن و تابڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار سەرف دەکەن ئەگەر حکومەتی عێراق کارەکەی بە دڵبوو ئەوا گرێبەستی نوێ ئیمزا دەکەن بە پێچەوانەشەوە حکومەتی عێراق ١١٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ دەگەڕێنێتەوە. سنوری کارکردنیان ٦٠ کیلۆمەترەو تەنها هەردوو گومەزی بابا و ئاڤانا دەگرێتەوە. لە ئایندەیەکی نزیکیشدا ڕوو لە شارەکە دەکەن.
بێگومان بە زیادبوونی بەرهەمی نەوتی کەرکوك بودجەی پترۆدۆلاری شارەکەش بەرز دەبێتەوە کە سەرەنجام بە قازانجی شارەکەو دانیشتوانەکەی دەگەڕێتەوە.

*شارەزا لە بواری نەوت



# کەرکوک و پاڵاوگەی نەوت



فەرهاد حەمزە محەمەد*

پاڵاوتن (Refining) قۆناغێکی گرنگی بەرهەم هێنانی بەروبومە نەوتیەکانی وەك بەنزین و گازو نەوتی سپیە کە بە بێ تێپەربوون بەم قۆناغەدا نەوتی خاو هیچ بەهایەکی نابێت . پاڵاوگە چەشنی زۆرە بچوك وگەورە ، کاتێك پاڵاوگە بچوك دەبێت ئەو بەروبومانەی لێی بەرهەم دەهێنرێت لە ڕووی جۆریەوە کەم دەبن واتە تەنها گازو نەوتی سپی یان بەنزین بەرهەم دەهێنن ، لەم حاڵەتەدا پاڵاوگە پاشەڕۆ ( فرۆیل ) ی زۆر دەبێت کە زیانی بۆ ژینگە دەبێت ، پاڵاوگە ئەهلیەکانی سنوری شاری کەرکوك و شارەکانی هەرێم لەم چەشنەن . بەڵام پاڵاوگەی گەورە بەروبومەکانی فرە چەشن دەبێت هەر لە نەوتی سپیەوە تا ڕۆنی ئۆتۆمبیل و قیری شەقامەکان بەرهەم دەهێنرێت ، ئەو کاتە پاشەڕۆ کەم دەبێت هەندێ جار دەگاتە سفر کە کەمتر زیان بە ژینگە دەگەیەنێت پاڵاوگەی بێجی نمونەی ئەم جۆرەیە بە تایبەت لە ساڵانی هەشتاکاندا ئەو کاتەی هێشتا نوێ بوو بە وزەی تەواوی خۆی کاری دەکرد .

پسپۆران وای بەچاك دەزانن شوێنی دروستکردنی پاڵاوگە نزیك بێت لە سەرچاوەی نەوتەوە تا بە کەمترین تێچوون ( Cost ) نەوت لە بیرەکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ پاڵاوگە . لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) ٣ یەکە (Unit ) ی پاڵاوتنی نەوتیان بۆ کەرکوك هێنا کە لە بنەڕەتدا مۆدێلی چلەکان بوو ، ئەم پاڵاوگەیە لەو ساتەوە تا ئێستا کاردەکات بەڵام بڕی بەرهەمەکەی لە گەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناگونجێت تەنانەت لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیدا بە جۆرێك ماندوو ببوو کە بەرپرسان وایان پێباش بوو کە بەیەکجاری ڕابگیرێت . لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بەڕێوبەرێکی نوێ دەست بەکار بوو کە بەڕاستی شارەزاییەکی چاکی لەو بوارەدا هەبوو ، توانی لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا پاڵاوگەکە بژێنێتەوەو بیخاتەوە سەر پێی خۆی . حاڵی حازر بەرهەمەکانی بریتین لە یەکەم کیرۆسین واتە نەوتی سپی کە بۆ بەکارهێنانی ماڵان دەشێت دووەم گاز سێیەم نەفتە کە ماددەیەکی بنەڕەتی دروستکردنی بەنزینە . ئەم پاڵاوگەیە ڕۆژانە لە توانایدایە تا ٣٠ هەزار بەرمیل لە بەروبومو نەوتییەکان بەرهەم بهێنێت کە بەڕێگەی بۆڕی ڕەوانەی گەنجینەی ١ ی حوزەیران دەکرێت و لەوێوە ڕەوانەی بەنزینخانەکان دەکرێن تا بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکرێت . ئەم پاڵاوگەیە ئێستا هەنگاوی باشی بڕیوەو بە نیازن دوو یەکەی تری بۆ زیاد بکەن ( هەدرەجەو چاککردنی بەنزین ) کە ئامانج تیایدا بەرهەم هێنانی بەنزینە .

ئەم پاڵاوگەیە لە ڕۆژانی وەستان یا پەککەوتنی پاڵاوگەی بێجیدا کە قەیرانی بەنزینی لێدەکەوتەوە توانیویەتی یارمەتی شارەکە بدات لە دابین کردنی سووتەمەنی بۆ هاوڵاتیان هەرچەندە لە ڕووی کوالێتیەوە تاڕادەیەك لەوەی بێجی نزمترە . ئەم پاڵاوگەیە چەندێك ئەکتیڤ بێت ناتوانێت پێویستی کەرکوك لە سووتەمەنیدا دابین بکات ، لەبەر ئەم هۆیە ئیدارەی کەرکوك بیری لە دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی تر کردەوە کە توانایەکی باشی بەرهەم هێنانی هەبێت وپێویستی شارەکە لە سووتەمەنی پڕبکاتەوە ئەوەبوو لە ٢٠٠٧/١/٢٠ دا وەزارەتی نەوت ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی پاڵاوگەیەك لە کەرکوك دەربڕی کە لە توانایدا بێت ڕۆژانە ١٥٠هەزار بەرمیل نەوت پاڵاوتە بکات . پاڵاوگە پێشنیار کراوەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای کەرکوك – دوبز و درێژییەکەی ٣٢٠٠ م پانیەکەشی ٢٠٠٠ م دەبێت ماوەی ١٥ کیلۆمەتر لە سەنتەری شارەوە دوورە .

هەرچەندە دیزاینی پاڵاوگەکە کۆتایی هاتووە بەڵام هیچ هەنگاوێکی تر نەنراوە بۆ سپاردنی بە کۆمپانیایەکی بیانی تا دروستی بکات، واش پێدەچێت بابەتەکە زیاتر چووبێتە قاڵبێکی سیاسیەوە نەك هونەری.

* شارەزا لە بواری نەوت

# پرۆسەی ئازادی خانەقاشی سەرفراز کرد

فەرهاد هەمزە محەمەد

کەسێک نیە لە شاری کەرکوک ناوی مزگەوتی سەید ئەحمەدی خانەقای نەبیستبێ ئەوتەکیەیەی بەتەنیشت کتێبخانەی شاری کەرکوکەوەیە . ئەم مزگەوتە پێش ١٥٠ ساڵ دروست کراوە بە درێژایی مێژووی شێخەکانی تەکیە ژمارەیەک کەسانی تێدا هەڵکەوتووە کەلە هەموو یان ڕۆژانە سەدان کەس ڕوویان تێ ئەکردو ببووە لانەی حەوانەوەو تێربوونی هەژاران . ئەم زاتە ئەمرە لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ دواجار ماڵئاوایی لە خەڵکی شاری کەرکوک کردو هەر لە خانەقاکەی خۆی بەخاک سپێردرا . یەکێک لەکورەکانی سەید ئەحمەدی خانەقا کاکە حوسێن بوو کە پیاوێکی




ناودارتر سەید ئەحمەدی خانەقایە . ناوبراولە ساڵی ١٨٧٣ زایینی لە کەرکوک چاوی هەڵهێناوە . ئەم زاتە خاوەن پلەو پایەیەکی تایبەتی خۆی بووە لە خزمەت کردنی زانست و خوێندەواری لە کوردستاندا بە جۆرێک خانەقا ببووە جێگەی کۆ بوونەوەی ناودارە سیاسی و پیاوە ئایینی یەکانی کورد ، لەوانە شێخ محمودی نەمرو مەلیک فەیسەل . لەلایەن حوکومەتی ئەوسای پاشایەتیش ئەوەندە ڕێزو نرخی هەبوو کە فەرمانڕەوایان هیچ داوایەکی شێخیان ڕەت نەئەکردەوە . ئەم خانەقایە بە شایەتی پیاوە پیرو بە ساڵا چووەکان قسە خۆش ومێژوو ناس وئەدب دۆست بوو . لەئەندامە پێشکەوتووکانی پارتی هیواو پارتی ڕزگاری بووە .یەکێ بووە لە هەرە دۆست و دڵسۆزو لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوسەردەمە .
دوای مردنی باوکی بووە جێ نشێن .
لە ساڵی ١٩٥٤ بە نوێنەری شاری کەرکوک لەپەرلەمانی عێراقی هەڵبژێردرا . لەسەرتای حەفتاکاندا بەعسی یەکان داوا لە شێخ حسێن دەکەن خۆیان بکەن بەعەرەب ، شێخ حۆسێنیش ئەمەڕەت دەکاتەوە . لە تۆڵەی ئەم لەڕوو وەستانەدا بەعسی یەکان دیوەخانی خانەقاکە دەڕووخێنن لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاری کەرکوک کۆچی دوایی کرد .
یەکێکی تر لە ناودارانی ئەم بنە ماڵەیە شێخ ڕەئووفی خانەقایە کە خوشکەزای سەید ئەحمەد بووە . شێخ ڕەئووف گەلێک زمانی زانیوە وچەندین پلەو پایەی حکومەتی دیوە . شێخ ڕەئووف شاعیرێکی بە توانا بووە ، ئەوەتا لە شیعرێکدا زۆربە توندی هێرش دەباتە سەر کۆنە پەرست و گێرە شێوێنەکان و ئەوانەی تۆی دوو بەرەکی دەڕوێنن ، هەروەها داوای برایەتیو یەکگرتنی کردووە .
لە شیعرێکدا دەڵی:-

لاپەڕەی مێژوو هەڵگێڕینەوە
لەلاپەڕەی نوێ بنووسینەوە
بۆ یەکتر هەموبراو کاکەبین
پشت لەخراپەو ڕوو لەچاکەبین
تەفرەقەیعەرەب وکوردو تورکمان
ئیتر تێپەڕی تاناخرزەمان

سیاسەتی گۆڕینی سیماو ڕوخساری کوردیانەی شاری کەرکوک کە لەلایەن بەعسی یەکانەوە دەرحەق بە هەرچی شوێنەوارو یا شماوەی دێرین هەبوو پیادەکرا ، ئەم خانەقایەشی گرتەوەو ویستیان وای لێ بکەن کەکەس لەوبروایەدا نەبێت ڕۆژێ لە ڕۆژان کوردی تێدا بووبێ . ئەوەبوو لە سەرەتادا ناویان گۆری بۆ ( جامع القادسیه ) پاشان کرایە ( المدرسه الدینیه) .
بەڵام دوای ڕامالینی دەسەلاتی بەعس لە عێراق ، ئەم خانەقا پیرۆزە بەرگە چڵکن وپیسەکەی بەعسی فڕێداو بەرگە دێرین و پیرۆزەکەی سەید ئەحمەدی کردەوە بەرو ناوە بنەڕەتی یەکەی خۆی لەسەر نایەوە .

# تەبەقچەلیش دەخەینە زبڵدانی مێژووەوە

فەرهاد هەمزە محەمەد

کەس نیە لە خەڵکی شاری کەرکوک گوزەری بە سەر ئەو پردەدا نەکردبێ کەسەردەمانێکە ڕژێمی بەعس ناوی لێناوە ( پردی تەبقچلی). ئەم پردە کۆنترین پردی شاری کەرکوکە . ئێستاکە خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی نەوەی نوێ ئەوپرسیارە لە مێشکیاندا چەکەر ئەکات تەبقچلی چی یە ؟ سەرکردەیە ، زانایە ، ئەفسەرەچی یە ؟ منیش بۆ ڕوون کردنەوەی کەسایەتی ئەم کابرا شۆڤینی یە کورتەیەکتان لە ڕەفتارە نامرۆڤایەتی یەکانی بۆ دەخەمە بەرچاو .

دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ بە دووروژ عبد الكريم قاسم ئەفسەرێکی عەرەبی بەپلەی عەمید ڕوکن بەناوی ناظم تەبقچلی کرد بە قائیدی فیرقەی دووی کەرکوک . ئەم ئەفسەرە هەتابڵێی عارەبێکی شۆڤینی بوو ، ژنەکەی تورکمان بوو ، ماوەی هەشت مانگ لە کەرکوک مایەوە ، تێیدا جێ پەنجەی گڵاوی خۆی بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی ئەم شارەدا بە جێ هێشت . والێرەدا لە ڕێگەی ژمارەیەک دیکۆمێنتەوە هەڵوێستی ناجوامێرانەی بەرامبەر گەلی کوردمان دەردەخەم .

١- دوای شۆڕشی ١٩٥٨ مامۆستا کوردەکان یاداشتنامەیەکیان بۆ وەزارەتی مەعاریف نارد بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەکوردستاندا تێیدا داواکراوە بە ڕێوبەرێتی مەعاریفی کوردستان لە کەرکوک بیت ، زمانی کوردیش ببیت بەزمانی فێرکردن لە گشت ناوچە کوردنشینەکان کەئەمانە دەگرێتەوە لیوای سلیمانی و هەولیرو کەرکوک و خانەقین و قەزا کوردی یەکانی موسل. تەبقچلیش بۆ وەستان لە ڕووی ئەم داوا کاری یەو ئاستەنگ خستنە بەردەمی لە ڕۆژی ١٩٥٨/٩/٩ یاداشتێکی ئاراستەی بەڕێوبەری ئیستخباراتی عەسکەری کرد ئەمانەی لای خوارەوەش خاڵە گرنگەکانیە تی : -

ا- ئاخنینی لیوای کەرکوک (هەرچەند. کوردی نیە) لە چوارچێوەی مەعاریفی کوردی بە هەڵەئەزانم . زۆرینە( عەرەب وتورک وەمەسیحی)ە . لاف لێدانی کوردێتی شارەکە مانای تواندنەوەی نەتەوەکانی ترە کەئەمەش پێچەوانەی گیانی دەستووری کۆماری عێراقە .

ب- دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی مەعاریفی کوردستان لە بەرژەوەندیماندا نیە . ڕاستیش نیە سەنتەرەکەی لە شاری کەرکوک بێت .

ج- پێویستە پۆستی بەڕێوبەری مەعاریف لە کەرکوک بدرێ بە کەسێکی عەرەب .

٢- لە بروسکەیەکی تردا بۆ بەڕێوبەرێتی ئیستخباراتی عەسکەری لە ١٩٥٨/١٢/٢ دانەیەکی لەو پۆستەوە ڕەوانە کردووە کە یەکیك لە گروپە کوردی یی کان دەریان کردووە . لە بروسکەکەدا هاتووە : - ( ئەوە دانەیەك لەو پۆستەرەتان بۆ دەنێرم کە نیەتی بە کوردی کردنی شاری کەرکوکی تێدا ڕوون دەبیتەوە ) .



٣- لەیاداشتێکی تری ڕۆژی ١٩٥٩/١/١٩ بۆ سەرۆکی ئەرکانی جەیش ئەم داواکاری یەی خستۆتە بەرچاو : -( داوا لە بەرێزتان ئەکەم یارمەتیم بدەن لەکەم کردنەوەی ژمارەی ئەفسەرە کوردەکانی ناوشاری کەرکوك . بۆ ئەم مەبەستە ناویانم ڕەوانە کردووە تا بگوێزرێنەوە بۆ فیرقەی پێنج ، پاشان ئەفسەری عەرەب بنێردرێ بۆ ئەم شارە ) .

٤- تەبەقچەلی هەردەم ویستویەتی ناکۆکی نێوان کوردو تورکمان بووروژێنێ و بەنزین بەسەر ئاگردا بکات .

٥- ئەوەتا لە بروسکەیەکی ڕۆژی ١٩٥٨/١٢/٦ بۆ بەڕێوبەرێتی ئیستخباراتی عەسکەری تورکمان بە خەڵکی کەرکوك و کوردییش بە کەسانی سەرەڕۆو گێرە شێوێن کە هەوڵ ئەدەن ئاسایش و هێمنی لەخەڵکی کەرکوك ( تورکمان) تێك بدەن ناو دەبات . لە شوێنێکی تردا دەڵێت ( تورکمان لە شاری کەرکوك زۆر هەست بە مەترسی ئەکەن لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ کوردەکان . هەروەها ترسیان لەدوارۆژیان هەیە و لەهەموو مافێکی ڕاگەیاندن بێ بەش کراون . خەڵکی کەرکوك تورکمان وەك هاوڵاتیەك بەشداری خزمەت کردنی ئەم کۆمارە ئەکەن بەڵام کوردەکان بەتۆرانی تاوانباریان ئەکەن) . شێخ ڕەئوفی خانەقای شاعیر لە باسی تەبقچلی و کارەساتە خوێناوی یەکەی تەمموزی ١٩٥٩ ی ناو شاری کەرکوك هۆنراوە یەکی جوانی هۆنیە وەتەوە تێیدا هاتووە : -

ئە سبابی فیتنە چۆن لەسەر چی بوو ؟
لای من وەهایە تەبەقچەل بوو
لە شێنەیی دا شێرێکی نەڕبوو
کەشەردامەزرا کوك وبێ فەڕبوو
کاتێ لە کەرکوك قائید فیرقە بوو
مەیلی لە سەورەو لەتەفرەقە بوو
یەعنی تەفرەقەی کوردو تورکمان
بە کاری بهێنێ ڕۆژێ لە ڕۆژان
دیعایەی درۆی پیاوی بێ ئیمان
کردی بەشەری کوردو تورکمان .

وائیستاش دوای ئەوەی خۆری ئازادی لە گەلی کوردمان هەڵات ناکرێ چیتر ئەم پردە بەم پیسەیەوە بمێنێ . داواکارم لە بەرپرسانی شارەوانی کەرکوك ناوەکەی بگێڕنەوە بۆ ناوە دێرینەکەی ( خەبات) .

فەرهاد هەمزە محەمەد

کەرکوکی نوێ ژمارە (٦) لە ١٥/١٠/٢٠٠٣

# ڕۆڵی نەوت لە پەرەپێدانی شاری کەرکوک

فەرهاد حەمزە محەمەد*

شاری کەرکوک بە چوار کێڵگەی نەوتی گەورە تەنراوە کە بریتین لە کێڵگەکانی کەرکوک، بای حەسەن، جەمبور، خەباز یەکەمیان لە هەموویان گەورەترەو بەناوجەرگەی شارەکەوە تێپەڕدەبێت زۆرترین کاریگەریشی کردووەتە سەر شارەکە لە ڕووی ژینگەو دیموگرافی و جوگرافیەوە، لە ڕووی سیاسی و مێژوویشەوە سالانێکی زۆرە بەدەستیەوە دەناڵێنێت و ئەوەندەی زیانی پێگەیاندووە ئەوەندە سوودی پێنەگەیاندووە، داهاتەکەشی دابەشی سەر هەموو پارێزگاکانی عێراق کراوە دەتوانرێ بووترێ کەرکوک لە هەمووی کەمتری پێگەییوە بەڵام ٣ کێڵگەکەی تر زیاتر لە دەرەوەی شارن و کەمتر کاریان لە سەر ئاوەدان کردنەوە کردووە.

کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی نەوت لە سەر کەرکوک

نەوت لە سێ لاوە کاریگەری لەسەر شاری کەرکوک کردووە، یەکەمیان لە ڕووی ژینگەوە. نەوت لە هەر جێگەیەکدا بەرهەم بهێنرێت کاریگەری ژینگەیی خۆی بەجێدەهێڵێت بەڵام پێویستە هەوڵ بدرێت زیانەکانی کەم بکرێتەوە، ڕۆژانە غازێکی زۆر دەسوتێنرێت کە ئاسمانی شارەکەی پیس کردووە، هەروەها بڕێکی چاك نەوتی خاو دەڕژێتە سەر زەوی لە کاتی بەرهەمهێنانیدا کە کاریگەری دەبێت لە سەر کشتوکاڵ ئەمە وێڕای پیسکردنی سەرچاوە ئاوییەکان. دووەمیان دیموگرافی. لای هەموان ئاشکرایە بەهۆی بوونی نەوتەوە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان بە بیانوی جیاواز دیموگرافیای شارەکەیان گۆڕیوەو عەرەبیان لە شارەکانی ترەوە تیا نیشتەجێکردووە، ئەمە وای کردووە ڕێژەی خەڵکی ڕەسەنی شارەکە کەم بێتەوە. سێیەمییان جوگرافی. لەڕابردوودا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بوونی نەوتیان لە شارەکە کردبوە بیانوو بۆ ڕێگرتن لە ئاوەدان بوونەوەو گەشەسەندنی بەتایبەت کێڵگەی نەوتی کەرکوك کە درێژییەکەی ١٠٠ کم و پانیەکەشی ٤ کم دەبێت، بەشێکی بە سەنتەری شارەکەدا تێپەڕ دەبێت و هەر یەکە لە گەڕەکەکانی ئیمام قاسم و بەرتەکیە دەکەونە ناوجەرگەی کێڵگەکەوە، پاش دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك دەست لەم گەڕەکانە نەدراو بوون بە ئەمری واقع و بە چەسپاوی مانەوە، بەڵام ڕێگەنەدرا چیتر گەورە ببنەوەو زیاتر پەلوپۆ بکێشن، هەموو ئاوەدان کردنەوەیەکیان بە ئاراستەی ڕۆژهەلاتدا قەدەغەکرد. گەڕەکی ڕەحیماوە هێڵێك بەلای ڕۆژهەلاتیدا کێشرابوو بۆی نەبوو لەوە زیاتر گ ەش ە بکات. جگە لەمە ناوچەی پیشەسازی کۆمپانیای نەوت کە لە گەڕەکی عەرەفەوە دەست پێدەکات و لە ناوچەی کەیوان کۆتایی دێت ڕوبەرەکەی نزیکەی ٧٠ کیلۆمەتر دووجا دەبێت لە شاری کەرکوك دابڕێنراوەو ڕێگە نەدراوە هیچ کەسێك نزیکی بکەوێت بەهۆی بوونی دامەزراوە نەوتییەکانەوە.

چۆنیەتی بەگڕخستنی کێڵگە نەوتیەکان بۆ خزمەتی شاری کەرکوك

هەموو ئەو خاڵە نێگەتیڤانەی لە بوونی نەوتدا هەیە لە شاری کەرکوك بەڵام ئەگەر نەوتەکە بە سیاسی نەکرابایە دەتوانرا سوودێکی زۆری لێوەربگیرێت لەم بوارانە؛

١- بواری ئاو؛ لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمجار شاری کەرکوك بە یارمەتی کۆمپانیای نەوتی عێراق ( IPC) بۆری ئاوی خواردنەوەی لە شارۆچکەی دوبزەوە بۆ راکێشرا کە ئەو پرۆژەی تا ڕۆژگاری ئەمرۆش هاوڵاتیان سوودی لێدەبینن. لە هەر گوندێکدا پێویستیان بە بیری ئاو هەبوایە ئەوا تیمەکانی کۆمپانیای نەوت بەو ئەرکە هەڵدەستان. لە سەردەمی بەعسیشدا کۆمپانیای نەوت هەندێك کاری بۆ شارەکە کردووە هەرچەندە ئامانجەکان سیاسی بوون، توانراوە پرۆژەی (( ئاوی بەدیل یان ئەلتەرناتیڤ )) ئەنجام بدرێت ، پرۆژەکە بریتی بوو لە هەڵکەندنی ٨٠ بیری ئاو لە سنووری ناوچەی سالەیی سەر ڕێگای کەرکوك –پردێ ، پاشان لێکدانیان بەبۆری و گەیاندنی بۆ ناو کەرکوك تا ببێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئاوی کەرکوك لە کاتی ووشکە ساڵیدا کە زێی بچووك دووچاری وشك بوون دەبێت . ئە، پرۆژەیە تەواو ببو تەنها کار پێکردنی مابوو پرۆسەی ئازادی بەسەردا هات و تەواوی بۆری و ئامێرەکانی پرۆژەکە بە تالان بران . لە ڕۆژگاری ئەمرۆشماندا دەتوانرێت ئەو پرۆژەیە زیندوو بکرێتەوە تا ئاوی خواردنەوە بۆ تەواوی شارەکە دابین بکرێت بە تایبەت لە وەرزەکانی بێبارانیدا.

٢- بواری ووزە؛ شاری کەرکوك تا ناوەڕاستی پەنجاکان هیچ هێڵێکی کارەبای پێنەگەیشتبوو نقومی تاریکی بوو، کۆمپانیای نەوتی عێراق توانی لەو کارەبا تایبەتیەی ئامێرەکانی خۆی نزیکەی ٣ هەزار کیلۆ وات بە شارەکە ببەخشێ، بەم چەشنە توانرا بۆ یەکەمجار کەرکوك ڕوناك بکرێتەوە.

سەبارەت بە بەنزین و گازوایلیش ئاشکرایە ڕۆژانە بڕێکی زۆری غاز لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتدا زیاد دەبێت کە بڕەکەی دەگاتە ١٥٠ ملیۆن پێ سێجا کە لەبەر خراپی و کۆنی تەکنەلۆجیا ناتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت و دەسووتێنرێ کە جگە لە بە فیرۆچوونی ژینگەی شارەکەش پیس دەکات. ئەگەر ئیدارەی پارێزگا هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوور بکات دەتوانێت سوود لەو غازە وەربگرێت ئەویش بە هێنانی ژمارەیەك ویستگەی کەبس کردن و بەرهەمهێنانی کارەبا کە سەرەنجام چەندین هەزار مێگاوات کارەبا دێنێتە بەرهەم و شارەکەش لە قەیرانی کارەبا ڕزگار دەکات چیتر دانیشتوان پێویستیان بە موەلیدەی ئەهلی نامێنێت، وێڕای ئەمانە تاڕادەیەکی باش ژینگەی کەرکوك دەپارێزرێت.

کۆمپانیای غازی باکوور بەشێك لە غازی بەرهەم هاتوو لە گەڵ نەوتدا دەگۆڕێت بۆ غازی وشك و غازی شل Dry gas and liquid gas ، غازی وشك بۆ ئیش پێکردنی کارگە گەورەکان بەکاردێت، هەرچی غازی شلە ((LPG)) بۆ ماڵان سوودی لێدەبینرێت، لەم حاڵەتەدا دەتوانرێت چەندین کارگە لە شارەکە بکرێتەوە کەدەبێتە مایەی زیادبوونی بەرهەمی خۆماڵی وێڕای کەم کردنەوەی بێکاری و دەستەبەرکردنی بواری کار بۆ دانیشتوانی شارەکە، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی بۆرییەوە غاز دابەشی سەر ماڵان بکرێت کە





ئەمە خۆی لە خۆیدا خزمەتگوزارییەکی بێوێنەیەو لە ئەرك و ماندوبونی خەڵکی کەم دەکاتەوە.

پاڵاوگە

شاری کەرکوك سەرەرای ئەو دەوڵەمەندییەی لە بواری نەوتدا هەیەتی کەچی خاوەنی پاڵاوگەیەکی وەها نیە کە پێویستی شارەکە لە بەرووبومە نەوتییەکان پڕ بکاتەوە. پاڵاوگەی بێجی کە ڕۆژانە ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی لە کەرکوکەوە بۆ دەچێت لە ساڵی ١٩٨٣ دامەزراوە چاکتر بوو لە کەرکوك دابنرێت چونکە نزیکە لە سەرچاوەی نەوتەوە، پێویستی نەئەکرد لە کەرکوکەوە بۆ بێجی بە بۆری نەوتی بۆ ڕەوانە بکرێت بەڵام سیاسەتی ڕژێمی پێشوو وای دەخواست کەرکوك تەنها نەوتەکەی لێبدۆشرێت و ئاوەدان نەکرێتەوە.

ئەگەر بتوانرێت ئەو پاڵاوگەیەی لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕیاری لێدرا بنیات بنرێت ئەوا ڕۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیل لە بەرووبومە نەوتییەکان بەرهەم دەهێنرێت کە دەبێتە مایەی لە کۆڵ بوونەوەی قەیرانی سوتەمەنی، سەرباری ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکە بە خاوەن بڕوانامەو بێ بڕوانامە کە خۆی لە ٣ هەزار کەس دەدات دابمەزرێن. هەر شوێنێکیش پاڵاوگەی لێبێت دەبێتە خاڵێکی بازرگانی و بواری کار بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك دەستەبەردەکات.

پیشەسازی پترۆکیمیاوی

پیشەسازی پترۆکیمیاوی بە بناغەی هەموو پیشەسازییەکانی تر دەژمێردرێت چونکە مادەی پلاستیك دەچێتە دووتوێی هەموو کەرستەیەکەوە، پلاستیکیش لە بەرهەمەکانی نەوتە.

شاری کەرکوك زەمینەیەکی خۆشی هەیە بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە پیشەسازییە چونکە گرنگترین کەرسەی خاوی کە نەوت و غازی سروشتیە بوونی هەیە.

کۆتایی

لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر بوونی نەوت لە شارەکە بە سیاسی نەکرێ بخرێتە خزمەتی دانیشتوانەکەی ئەوا شارێکی ئاوەدان و خۆشگوزەرانی لێدێتە بەرهەم، ئەواتە دەبینین لە سایەی پرۆژەی پترۆدۆلاردا چ گۆرانکارییەك بەسەر کەرکوکدا هاتووە کە لە هیچ سەردەمێکدا شتی وەهای بەخۆوە نەدیوە کە لە یەك کاتدا خزمەتی تەواوی پێکهاتەکان دەکات بەبێ جیاوازی. هەروەها بۆ سەرخستنی کارەکان لە شارەکە پێویستە کۆمپانیای نەوت پەلکێشی کار کردن بکەین بە تایبەت لە ڕووی پاك ڕاگرتنی ژینگە ئەوەش بە هەماهەنگی نێوان ئیدارەی شارەکەو کۆمپانیای نەوت ئەنجام دەدرێت هەروەك لە ساڵی ٢٠١٢ دا وەزارەتی نەوت ١٧ ملیار دیناری بۆ دروست کردنی باخچەو زیادکردنی سەوزایی لە کەرکوك تەرخان کرد.

* شارەزا لە بواری نەوت

# سندوقی داهاتی نەوت

فەرهاد حەمزە*

گومانی تێدانیە کە دروست بوونی نەوت لە ژێر زەویدا ملیۆنان ساڵی خایاندووە و ئەوەی تا ئێستا پێکهاتووە جارێکی تر رووناداتەوە، لەبەر ئەم هۆیەیە پێویستە بەکارهێنانی نەوت بە شێوەیەکی بەرنامەرێژی بێت و لەسەر بناغەیەکی زانستی بەرهەم بهێنرێت بەجۆرێك بێت خواست لە سەر نەوت هەرچەندێ بێت لەو چوارچێوە زانستیە دەرنەچێتە دەرەوە چونکە لەلایەکەوە کاریگەری خراپی بۆ سەر ژینگە دەبێت لەلایەکی تریشەوە ئەو کێڵگە نەوتانە دوچاری زیان دەبن. ئەگەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بەم چەشنە کاربکەن ئەوا مانای پابەند بوونیان بە ( پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام ) دەگەیەنێت.

پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام بریتیە لە ئیدارەدان و پاراستنی سامانی سروشتی لەگەڵ ئاراستەکردنی گۆرانکارییە تەکنیکی و دامەزراوەییەکان بەجۆرێك پێویستیەکانی نەوەی ئێستا دابین بکات و رێژەیەك لەو سامانە بۆ نەوەکانی داهاتوو پاشەکەوت بکات.

زۆر جار وا رێکەتووە وڵاتانی خاوەن نەوت بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست پەلە لە هەندێك بریاری چارەنووسساز دەکەن بێنەوەی بیر لە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو بکەنەوە وەك بریاری کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەجیهانیەکانی رابردوو کە کۆنترۆڵی نەوتیان کردبوو، بە پێی بەرژەوەندییەکانیان نەوتیان دەردەهێنا و دەفرۆشت.

پێچەوانەی ئەمەش لە نێو وڵاتانی جیهاندا نمونە هەیە کە رەچاوی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام دەکەن لەوانە وڵاتی نەرویج و ئالاسکا وکوێت.

### ئەزمونی ئالاسکا

ئالاسکا یەکێکە لە وڵاتانی بەرهەم هێنی نەوت و لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە نەوت هەناردە دەکات، بەڵام بەرێژەیەکی کەم. لە ساڵی ١٩٧٦ هاووڵاتیانی ئالاسکا دەنگیان دابۆ دەسکاریکردنی دەستوری وڵات بە ئامانجی دامەزراندنی (( سندوقی هەمیشەیی ئالاسکا )) تا ٥٪ داهاتی نەوتی وڵاتەکەی تێدا بپارێزرێت پاشان ساڵانە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکرێت. لە ساڵی ٢٠٠٢ دا هەر تاکێك ((١٥٤٠)) دۆلاری بەرکەوت. لە ساڵی ١٩٨٢ - ٢٠٠٢ هەر تاکێکی خەڵکی ئالاسکا نزیکەی ((٢٢٠٠٠)) دۆلاری بەرکەوتوە. ئەم سندوقە توانیویەتی بەچاکی خۆی بسەپێنێت چونکە ئالاسکا خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژە لە حوکمی فیدراڵیەت و دەستوور.

لە وڵاتانی کەنداویش لەم چەشنە سندوقە دامەزراوە، لە کوێت ناوی لێنراوە (( سندوقی یەدەکی نەوەکانی داهاتووی کوێت ))، لە عومان و قەتەریش پێی دەڵێن (( سندوقی یەدەکی حکومی ))، لێرەدا پارەی کەڵەکەبووی ناو ئەم سندوقانە دابەشی سەر خەڵك ناکرێت بەڵکو لە وڵاتانی گەورەدا دەخرێنە ئیشەوە واتە لە نەوتەوە دەبێت بە دراو یا بڵێین لە سامانی ژێر زەوییەوە دەبێتە سامانی سەر زەوی. هۆی داهێنانی ئەم سندوقەش دەرککردنە بەو راستییەی کە رۆژێك دادێت نەوتووشك دەکات، لەبەر ئەوەی نەوت موڵکی نەوەکانی ئێستاو داهاتووشە بۆیە بەچاك دەزانرێت نەوەکانی دوارۆژیش سوودی لێوەربگرن.

### عێراق

لەو کاتەوەی نەوت لە عێراق دۆزراوەتەوە هیچ فەرمانرەوایەك لە خەمی ئێستاو ئایندەی خەڵکی عێراق نەبووە، لە کاتی ئینگلیزەکاندا کۆمپانیای ipc بەپێی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی نەوتی بەرهەم دەهێنا. لە سەردەمی بەعسیشدا دیسانەوە نەوت کەوتبووە ژێر کاریگەری سیاسەتەوە بە تایبەت لە ساڵانی جەنگی عێراق ئێراندا کە بۆ بەدەست هێنانی پارەی زیاتر بەمەبەستی درێژە پێدانی جەنگەکەیان گوشارێکی زۆریان بۆ کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك هێناو رۆژانە ١,٦٠٠ملیۆن بەرمیل نەوتیان بەرهەم دەهێنا و زۆر لە توانای خۆی زیاتر بوو، هەرچەندە لەو کاتەدا چەند ئەندازیارو بەرێوبەرێکی شارەزا ئەم کارەیان بە هەڵە دەزانی بەڵام کەس گوێی لێنەگرتن و دوچاری سزا بوونەوە.

لە دوای روخانی رژێمی بەعس (( ستیڤن کلیمۆنز )) ئابوریناسی ئەمەریکی پێشنیاری دامەزراندنی سندوقێکی کرد بە ناوی (( سندوقی عێراقیەکان )) تا ٤٠٪ ی داهاتی نەوتی عێراقی تێدا بپارێزرێت، پاشان پارەکە لە وڵاتانی جیهان وەبەرهێنانیان پێبکرێت بە جۆرێك داهاتەکەی بەسەر عێراقیەکاندا دابەش بکرێت، بەڵام ئەم پرۆژەیە رۆشنایی نەبینی. وا پێدەچێت فەرمانرەوایانی نوێش بە هەمان عەقلیەت بیر دەکەنەوە و هەر لە هەڵپەی ئەوەدان زۆرترین نەوت هەناردە بکەن.

لە ساڵی پاردا ((٢٠١٢)) زۆر لەپەرلەمانتارانی عێراق بە تایبەت سەدرییەکان جەختیان لەوە دەکردەوە تا بەشێك لە پارەی زیادەی نەوت دابەشی سەر هاوڵاتیان بکرێت بەڵام تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.




لە هەرێمی کوردستانیش بە پێی بڕگەی یەك لە مادەی ١٥ ی یاسای نەوت و غازی کوردستان بریار بوو سندوقێك بە ناوی ((سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان)) دابمەزرێت کە خاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوییە و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری هەیە، ئەمەشیا تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە.

بێگومان بوونی ئەم سندوقە لە هەر وڵاتێکدا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی هەیە، لە گرنگتری لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەوەیە هاوڵاتی هەست بە نرخ و پێگەی خۆی دەکات و ئینتیمای بۆ وڵاتەکە زیاتر دەبێت دواتر هانی دەدات بەشداری پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکە بکات.

لایەنی نێگەتیڤی ئەم سندوقەش ئەوەیە توێژێکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدا کە هەر چاویان لە داهاتی ئەو سندوقە بێت و هیچ کارو کاسبیەك نەکەن، بە کورتی چینێکی تەمەڵ و تەوەزەل دێنێتە بەرهەم. لە لایەکی تریشەوە لە بری ئەو پارەیە کەم دەبێتەوە کە بۆ بنیات نانی ژێرخانی وڵات تەرخان دەکرێت، دەتوانرێ بوترێ ئەم خاڵە سەرەکی ترین هۆی هەڵوەشانەوەی سندوقی عێراقیەکان بوو چونکە عێراق دوای پرۆسەی ئازادی روبەرووی ژێرخانێکی داروخاو بووەوە کە پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەبوو بۆ بنیات نانەوە

واقعی ئەمرۆی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ پلانێکی روون بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ داهاتی نەوتدا لە ئارادا نیە. بە بێ بەرنامە بۆ نەوەی ئێستا خەرج دەکرێت بێنەوەی بیر لە نەوەی داهاتوو بکرێتەوە کە ئەوانیش بەشیان هەیە لەم سامانە و مافی خۆیانە بە هۆیەوە خۆش گوزەرانبن.

* شارەزا لە بواری نەوت

# نەوت، سودان دەخاتە گێژاوی ململانێ نێودەوڵەتییەکانەوە

فەرهاد هەمزە محەمەد*

لەم ساڵانەی دواییدا داهاتی نەوتی سودان بە تەواوی زیادی کردووە، بە جۆرێک (٧٠٪)ی هەناردەی ئەو وڵاتە پێکدەهێنێ. چاوەڕوانیش دەکرێت بەردەوام گەشەکردنی کەرتی نەوت ببێتەهۆی چاککردنی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە کە ساڵانێکی زۆرە بەهۆی شەڕی تایفییەوە پارچە پارچە بووە.

دانیشتوانی سودان بە (٤١) ملیۆن کەس دەخەملێنرێت. داهاتی تاکەکەس لەو وڵاتە بەرز بووەتەوە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش دۆزینەوەی نەوت.

یەدەگی نەوتی سودان بە (٦,٦) ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت، ئەم هەنگاونانەی وڵاتی سودان لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٥)دا ڕێککەوتننامەی ئاشتی فراوان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشووری سودان ئیمزا کرا، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە شەڕی ناوخۆ کۆتایی هات و حکومەتی یەکێتی نیشتمانی دامەزرا، شان بە شانی دامەزراندنی حکومەتێک لە باشووری وڵات، داهاتی نەوتیش لە نێوان ئەم دوو حکومەتە بە یەکسانی دابەشکرا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆربەی کێڵگە نەوتییە دۆزراوەکان دەکەونە سنووری حکومەتی باشوور، بەم دواییەش نەوت لە باکووری خۆرئاوای سودان لە هەرێمی دارفۆر دۆزرایەوە کە ئەوانیش کێشەیان لەگەڵ حکومەتدا هەیە.

بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، سیاسەتی نەوتی سودان درا بە لیژنەی نیشتمانی بۆ پترۆڵ (NPC)، کە حکومەتی سودان و حکومەتی باشوور بە یەکسانی ئەندامیان تێدا هەیە. ئەم لیژنەیە لە یەکەم هەنگاویدا لەسەر سیستمی هاوبەشیکردن گرێبەستیان لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای چینی و مالیزی و هندیدا بەست، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نیگەران کرد.

لەلایەکی تریشەوە سودان و میسر لەسەر کێڵگەیەکی نەوتی سەر سنووری هەردوو وڵات کەوتوونەتە کێشەوە و هەر لایەک ئەو کێڵگەیە بە هی خۆی دەزانێت.

چاودێران پێیانوایە ئەگەر سیاسەتی نەوتیی سودان لە بەرژەوەندی ئەمریکا و خۆرئاوادا نەبێت، دوور نییە جارێکی تر شەڕی تایفی هەڵبگیرسێتەوە و سەرەنجام ناوچەی باشوور و باکوور لە یەکتر جیاببنەوە کە سامانی نەوت لەو دوو ناوچەیەدا قەتیس بووە، ناوچەکانی ناوەڕاستیش کە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی لێیە هیچی بۆ نامێنێتەوە تەنها دەتوانێت باجی پێدا ڕۆیشتنی بۆرییە نەوتەکان وەربگرێت.

* ئەندازیاری جیۆلۆجی

ژ (١٣٠٢) لە ٢٠١٠/٩/١٤

# بیری ژمارە ١٦٤ی کەرکوک، مەزنترین بیری جیهان

فەرهاد حەمزە محەمەد*

کاتێك باس لە دەولەمەندترین وولاتی جیهان دەکرێت لەسامانی نەوت دەست بەجێ ناوی شانشینی سعودیە دێتەوە پێشەوە. کە دەروانیتە ئەرشیفی مێژووی نەوتی سعودیە تێبینی دەکەین کەبیری ژمارە (٧ی دەمام) خالێکی پرشنگداری مێژوویانە وجێگەی شانازی یانە، هەر لەبەر ئەوەشە شوێنی ئەو بیرە رازێنراوەتەوەو وەك مۆزەخانەیەکی لێهاتووە هەروەفدێکی وولاتان سەردانی سعودیە بکات دەیبەن بۆ سەیری ئەو بیرە. بەڵام ئەم بیرە بەبەراورد لەگەڵ بیرە نەوتێکی شاری کەرکوکدا دووچاری شۆك دەبێت.

باکگراوندی بیری ژمارە (٧ی دەمام) .

تا سالی ١٩٣٣ وولاتی سعودیە لەبیابانێکی چۆلەوانی بەولاوە هیچی ترنەبوو، داهاتی حەج بەشێکی گەورەی بودجەی وولاتەکەی پێك هێنا بوو، لەو مێژووە بەدواوە شاعەبدولعەزیز شای سعودیە رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ کۆمپانیای (سۆکال)ی ئەمەریکیدا ئیمزا کرد بەمەبەستی گەران بەدوای نەوتدا . دوابەدوای ئەو رێکەوتنە دەیان جیۆلۆجی و بیرهەلکەن روویان کردە ناوچەی رۆژهەلاتی وولاتەکە. (دەمام) لەشارۆچکەیەکی بچووك بەولاوە هیچی تر نەبوو بەبیابان وئاوی کەنداو ئابلووقە درابوو , دوای ٥ سال کارکردنی بەردەوام گەیشتنە ئەو بروایەی کەناوچەکە نەوتێکی زۆری لەژێردایە. لە ١٩٣٥/٤/٣٠. یەکەم بیری تێدا هەلکەنرا پاشان بیری ژمارە ٦،٥،٤،٣،٢ ی بەدوا داهات کە هیچ کامیان هیوای بوونی نەوتیان نەدا بەدەستەوە. لەسالی ١٩٣٨ بیری ژمارە (٧) هەلکەنرا، هەفتە لەدوای هەفتە زیاتر مژدە بەخش دەبوو تا لە ٤ی ئازاری ١٩٣٨ نەوت فیچقەی کرد، سەرەتا ١٥٨٥ بەرمیل لە رۆژێکدا بەرهەمی بوو دوای تەواو کردنی بیرەکە بەرهەمی گەیشتنە ٣٢ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا. بۆ بەرزو پیرۆز راگرتنی ئەم رۆژە نوێ یە لەمێژووی سعودیە لەبەهاری سالی ١٩٣٩ شاعەبدولعەزیز بەیادەری وەفدێك گەیشتنە خیوەتەکانی کۆمپانیاکەو لەوێدا ئاهەنگێکی قەشەنگ بەو بۆنە مێژوویی یەوە سازکرا .لەو رۆژەوە سعودیە پێ ی ناوەتە قۆناغێکی نوێ ی ئابووری وسیاسی یەوە، بووەتە گەورەترین وولاتی جیهان لەرووی یەدەك وبەرهەم هێنانی نەوتەوە بەجۆرێك رۆژانە دەتوانێت بەتەنها ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنی . بیری ژمارە (٧ی دەمام) لەسالی ١٩٨٢ دوای ٤٥ سال کارکردنی بەردەوام لەبەرچەند هۆیەکی هونەری راگیراوە ئێستا شوێنەکەی وەك مۆزەخانەیەکی لێهاتووەو میوانان سەردانی دەکەن.

### بیری ژمارە ١٦٤ ی کەرکوك

ئەگەر سعودی یەکان شانازی بە بیری ژمارە (٧ی دەمام)ەوە دەکەن کەبەرهەمەکەی ٣٢هەزار بەرمیلە لەرۆژێکدا ئەوا لە عێراقدا بەگشتی وخەلکی کەرکوك بەتایبەتی بۆیان هەیە شانازی بەبیری ژمارە(١٦٤ کەرکوك) بکەن کەبەتەنها ١٠٥ هەزار بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا بەرهەمی بوو، لەجیهاندا هیچ بیرێك نیە شان لەشانی بدات. بیری ژمارە ١٦٤ی کەرکوك دەکەوێتە گومەزی بابا(قبە بابا) لەکێلگەی کەرکوك نزیك گوندی(هەنجیرە)سەر رێگای کەرکوك-دوبز ئەم بیرە لەسەردەستی کۆمپانیای نەوتی عێراق ipc لە١٧ی شوباتی سالی ١٩٦٥ دەست بەهەلکەنینی ئەو بیرە کرا، لە١٣ی ئازاری هەمان سال دوای کەمتر لەمانگێك گەیشتنە قولی ٥٤٠م بەرهەمی سەرەتای ٤٣٨٠٠ هەزار بەرمیل بوو پاشان وورده وورده زیادی کردو لە١٠٥ هەزار بەرمیل گیرسایەوە. خەلکی شاری کەرکوك هەقی خۆیانە شانازی بەم بیرەوە بکەن وکاتێك بیانیەك سەردانی کەرکوك دوکات ببرێت بۆ سەیری ئەو بیرەی لەجیهاندا تاکەو وێنەی نیە، سالانێکی زۆریش بەشداری جومگەکانی ئابووری عێراقی کردووە.



بیری ژمارە (١) لە کەرکوك

* شارەزا لە بواری نەوت



# سامانی غازی سروشتی لە عێراقدا

فەرهاد حەمزە محەمەد*

غازی سروشتی بە سوتەمەنیەکی پاك و کەم دوکەڵ دەژمێردرێت، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی گەرمی و میکانیکی و کارەباییە لە هەموو کەرتەکانی گواستنەوەو پیشەسازی و کارەبا و نیشتەجێکردن. وێرای ئەمانەش کەرەسەیەکی خاوی پیشەسازییە پترۆکیمیاوییەکان و بەرهەمهێنانی کشتوکالیە. لەبەر ئەم هۆیانە دەکرێ بڵێین غازی سروشتی گرنگترین سەرچاوەی ئەلتەرناتیڤی نەوتە کە بەشداری چارەکێکی وزەی بەکارهاتووی جیهان دەکات.

عێراق لەرووی یەدەکی غازییەوە بە دەیەمین وڵاتی جیهان ژمارە دەکرێ. بەرهەمی غازی سروشتی لەچاو ئەو یەدەکە گەورەیەی هەیەتی کەمە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو برە کەمەش وەك پێویست سوودی لێوەرناگیرێت و دەسوتێنرێت.

یەدەکی چەسپاوی عێراق لە غازی سروشتیدا لە سالی ۲۰۰۰ بەدواوە هیچ گۆرانیکی بەسەردا نەهاتووە و بە (۳۱۷۰) ملیار مەتر سێجا خەملێنراوە، ئەم برە ٦٪ ی یەدەکی وڵاتانی عەرەبیە و ۳،٤٪ ی یەدەکی وڵاتانی ئۆپکە و ۱،۷٪ ی یەدەکی جیهانە.

لە عێراق و تەواوی جیهاندا غاز بە دوو چەشن بوونی هەیە یەکەمیان غازی ئازاد Free Gas کە ۳۰٪ی یەدەکی غازی عێراق پێکدەهێنێت، دووەمیان غازی تواوەی ناو نەوت (الغاز المصاحب - Assosiated gas) کە ۷۰٪ ی ئەو یەدەکە یە.

غازی سروشتی لە عێراقدا دابەشی سەر کێلگە نەوتیەکانی باکوورو باشووری عێراق بووە، ٦۰٪ ی ئەو غازە دەکەوێتە باشووری عێراقەوەو زۆربەی لە چەشنی تواوەی ناو نەوتە، ٤۰٪ یشی لە باکووری عێراقدایەو زۆربەی لە چەشنی غازی ئازادە.

لە عێراقدا ژمارەیەك کێلگەی غازی هەیە کە پێنجیان دەکەونە رۆژهەڵات و باکوری رۆژهەڵاتی عێراق، بریتین لە ( کۆرمۆر، چەمچەماڵ، خەشم ئەلئەحمەر - بەشیکە لە کێلگەی حەمرین، جەرەبیکا، مەنسوریە)، کێلگەی (سیبە)ش لە نزیك شاری بەسرەیە، کیلگەی عەکازیش دەکەوێتە رۆژئاوای عێراقەوە و سەر بە پارێزگای ئەنبارە.

وێرای ئەمانە عێراق خاوەن توانایەکی گەورەی غازی سروشتی نەدۆزراوەیە کە بە ۹،۳ تریلیۆن مەتر سێجا دەخەملێنرێت واتە سێ ئەوەندەی کە دۆزراوەتەوە. بەپێی ئەو روپێوانەی ئەنجام دراون ۵۰٪ی بەشێوەی غازی ئازادە نیوەکەی تریش بە شێوەی غازی تواوەیە. ۸۳٪ی ئەم غازە دەکەوێتە باشوری عیراقەوە ۱۷٪ەکەی تری دەکەوێتە باکوری عێراق.

غازی کێلگەکانی باشووری عێراق غازێکی شیرینە (Sweet gas) و برێکی زۆر کەم گۆگردی تێدایە، هەرچی غازی باکوورە غازێکی ترشەو بری ۷،۲٪ کبریتیدی هایدرۆجینی تێدایە.

بەدرێژایی مێژووی دەرهێنانی سامانی هایدرۆکاربۆنی لە عێراقدا بایەخێکی ئەوتۆ بە سوود وەرگرتن لە غازی سروشتی نەدراوە تا کۆتایی ساڵانی حەفتاکان کە ژمارەیەك پرۆژەی بواری سوود وەرگرتن لە غاز ئەنجام درا، بەڵام جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێران و جەنگی کەنداو هەمو ئەم پرۆژانەی پەکخست. لە دوای پرۆسەی ئازادیش وەزارەتی نەوت لە رێگەی خولەکانی مۆڵەت پێدانەوە ژمارەیەك گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان واژوو کردووە بەمەبەستی دۆزینەوەی کێلگەی نوێ و هەڵکەندنی بیری نەوت کە بوەتە مایەی زیادبونی بەرهەمی نەوت، شان بەشانی ئەوەش بەرهەمی غازیش زیادی کردووە . لە ماوەی ساڵانی ۲۰۰۳ - ۲۰۰۷ دا ساڵا!نە بری ۱۱،٤ملیار مەتر سێجا غاز بەرهەم هاتووە کە ٦٤ ٪ لێدەسوتێنرێ، لە ساڵی ۲۰۰۹ شدا ۱٦،٥ملیار مەتر سێجا غاز بەرهە هاتووە. بۆ سوود وەرگرتن لە غازی بەرهەم هاتوو تەنها یەك پرۆژە ئەنجامدراوە ئەویش گرێبەستی نێوان وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای میسیۆبیشی و شێل)ە کە ئەوەش تەنها بەشێکی کێلگەکانی باشوور دەگرێتەوە، کەچی لە باکوور هیچ پرۆژەیەك لە ئارادانیەو ئەو پرۆژەیە نەبێت کە لە سەدەی رابردوودا ئەنجامدراوە کە خۆی لە کۆمپانیای غازی باکووردا دەبینێتەوەو لە توانایدا نیە هەموو غازی بەرهەم هاتوو بگرێتە خۆی کە رۆژانە ۱۵۰ ملیۆن پێ سێجا ٤ ملیۆن مەتر سێجای لێدەسوتێت. ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ۱۹۹۸ توانرابوو سوود لە ۸۸،۷ ٪ی غازی بەرهەم هاتوو لە عێراقدا وەربگیرێت.

* شارەزا لە بواری نەوت



# ئەگەر نەوتی کەرکوك رابگیرێت...!!

فەرهاد حەمزە محەمەد*

چی رووئەدات ئەگەر بێتوو نەوتی کەرکوك رابگیرێت؟ زیانەکەی بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟ ئەم پرسیارە، لەو سێ خاڵەی خوارەوە مشتێك لە خەرواری ئەنجامەکانی ڕاگرتنی نەوتی کەرکوك دەردەخەین:-

١- ڕۆژانە لە شاری کەرکوکەوە نزیکەی ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی پاڵاوگەکانی بێجی، کەرکوك، سینیە، گەیارە دەکرێت و لەوێش دەگۆردرێن بۆ بەروبومە نەوتیەکانی وەك بەنزین و نەوتی سپی وغازی ماڵان پاشان دابەشی سەر شارەکانی کەرکوك و هەولێرو سلێمانی و موسڵ و تکریت دەکرێن. بەوەستانی نەوت گەورەترین قەیرانی سووتەمەنی ڕوو لەو شارانە دەکات کە ناومان بردن، دیسانەوە وڵات دەگەڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەم و ڕیز بەستنی ئۆتۆمبیل لەبەردەم بەنزینخانەکان دەست پێدەکاتەوە، جارێکی تر هاوڵاتیان دەبێت چاویان لە دەستی قاچاخچی بێویژدان بێت تا سوتەمەنیان بە نرخێکی گران لە وڵاتانی دراوسێوە بۆ بهێنن.

٢- هەموو ویستگەکانی کارەبا لە کەرکوك بە غاز کاردەکەن، سەرچاوەی غازەکەش کێڵگەی جەمبورە لە باشوری شارەکە. ئەگەر نەوت ڕابگیرێت ئەوا ئەم ویستگانە لە کاردەکەون کە ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنن، ئەوسا دەگەڕێینەوە سەر مولیدەی ئەهلی و چراو لالە.

٣- ساڵانە لە بری نەوتی هەناردەکراوی کەرکوك بڕێکی باشی بودجە لە چوارچێوەی پرۆژەی پترۆدۆلاردا دەگاتە دەستی ئیدارەی پارێزگاکە کە ئەوانیش توانیویانە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەسەر شارەکەدا بهێنن. توانراوە زیاتر لە ٦ هەزار هاوڵاتی ئەم شارە لەسەر بودجەی پترۆدۆلار دابمەزرێنرێت و دابەشی سەر فەرمانگەکان بکرێن. ئەگەر نەوتی کەرکوك ڕاگیرا پێویستە هەموو ئەم تازە دامەزراوانە لەبەر بێ پارەیی دەربکرێن و بچنەوە ماڵ دابنیشن، جارێکی تر شار بێ خزمەت دەبێت و دەبێتەوە زبڵدانەکەی ساڵی ٢٠٠٣. وێڕای ئەمانە ئیدارەی کەرکوك ئەو پارەیەی بەدەستەوە نابێت تا وزەی کارەبا لە هەرێم بکرێت.

بە کورتی بە ڕاگرتنی نەوتی کەرکوك تاقە زەرەرمەند خەڵکی شارەکەیە.

بەڵام هەر کاتێك زانیمان هاوکێشەکان گۆڕاوەو ڕاگرتنی نەوت دەبێتە فشارێکی باش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان ئەوسا پێویستە لە سەر هاوڵاتیانی کەرکوك بڕژێنە سەر شەقام بۆ ڕاگرتنی نەوتی کەرکوك.

* شارەزا لە بواری نەوت

# ڕۆڵی نەوت لە پەرەپێدانی شاری کەرکوک

فەرهاد حەمزە محەمەد*

شاری کەرکوک بە چوار کێڵگەی نەوتی گەورە تەنراوە کە بریتین لە کێڵگەکانی کەرکوک، بای حەسەن، جەمبور، خەباز. یەکەمیان لە هەموویان گەورەترەو بەناوجەرگەی شارەکەوە تێپەڕدەبێت زۆرترین کاریگەریشی کردووەتە سەر شارەکە لە ڕووی ژینگەو دیموگرافی و جوگرافیەوە، لە ڕووی سیاسی و مێژوویشەوە ساڵانێکی زۆرە بەدەستیەوە دەناڵێنێت و ئەوەندەی زیانی پێگەیاندووە ئەوەندە سوودی پێنەگەیاندووە، داهاتەکەشی دابەشی سەر هەموو پارێزگاکانی عێراق کراوە دەتوانرێ بووترێ کەرکوک لە هەمووی کەمتری پێگەییوە. بەڵام ٣ کێڵگەکەی تر زیاتر لە دەرەوەی شارن و کەمتر کاریان لە سەر ئاوەدان کردنەوە کردووە.

کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی نەوت لە سەر کەرکوک

نەوت لە سێ لاوە کاریگەری لەسەر شاری کەرکوک کردووە، یەکەمیان لە ڕووی ژینگەوە. نەوت لە هەر جێگەیەکدا بەرهەم بهێنرێت کاریگەری ژینگەیی خۆی بەجێدەهێڵێت بەڵام پێویستە هەوڵ بدرێت زیانەکانی کەم بکرێتەوە، ڕۆژانە غازێکی زۆر دەسوتێنرێت کە ئاسمانی شارەکەی پیس کردووە، هەروەها بڕێکی چاك نەوتی خاو دەرژێتە سەر زەوی لە کاتی بەرهەمهێنانیدا کە کاریگەری دەبێت لە سەر کشتوکاڵ ئەمە وێرای پیسکردنی سەرچاوە ئاوییەکان. دووەمیان دیموگرافی. لای هەموان ئاشکرایە بەهۆی بوونی نەوتەوە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان بە بیانوی جیاواز دیموگرافیای شارەکەیان گۆڕیوەو عەرەبیان لە شارەکانی ترەوە تیا نیشتەجێکردووە، ئەمە وای کردووە ڕێژەی خەڵکی ڕەسەنی شارەکە کەم بێتەوە. سێیەمیان جوگرافی. لەڕابردوودا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بوونی نەوتیان لە شارەکە کردبوە بیانوو بۆ ڕێگرتن لە ئاوەدان بوونەوەو گەشەسەندنی بەتایبەت کێڵگەی نەوتی کەرکوك کە درێژییەکەی ١٠٠ کم و پانیەکەشی ٤ کم دەبێت، بەشێکی بە سەنتەری شارەکەدا تێپەڕ دەبێت و هەر یەکە لە گەڕەکەکانی ئیمام قاسم و بەرتەکیە دەکەونە ناوجەرگەی کێڵگەکەوە، پاش دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك دەست لەم گەڕەکانە نەدراو بوون بە ئەمری واقع و بە چەسپاوی مانەوە، بەڵام ڕێگەنەدرا چیتر گەورە ببنەوەو زیاتر پەلوپۆ بکێشن، هەموو ئاوەدان کردنەوەیەکیان بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا قەدەغەکرد. گەڕەکی ڕەحیماوە هێڵێك بەلای ڕۆژهەڵاتدا کێشرابوو بۆی نەبوو لەوە زیاتر گ ـه بکات. جگە لەمە ناوچەی پیشەسازی کۆمپانیای نەوت کە لە گەڕەکی عەرەفەوە دەست پێدەکات و لە ناوچەی کەیوان کۆتایی دێت ڕوبەرەکەی نزیکەی ٧٠ کیلۆمەتر دووجا دەبێت لە شاری کەرکوك دابڕێنراوەو ڕێگە نەدراوە هیچ کەسێك نزیکی بکەوێت بەهۆی بوونی دامەزراوە نەوتییەکانەوە.

چۆنیەتی بەگرخستنی کێڵگە نەوتیەکان بۆ خزمەتی شاری کەرکوك

هەموو ئەو خاڵە نێگەتیڤانەی لە بوونی نەوتدا هەیە لە شاری کەرکوك بەڵام ئەگەر نەوتەکە بە سیاسی نەکرابایە دەتوانرا سوودێکی زۆری لێوەربگیرێت لەم بوارانە؛

١- بواری ئاو؛ لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا لە ناوەراستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمجار شاری کەرکوك بە یارمەتی کۆمپانیای نەوتی عێراق ( IPC) بۆری ئاوی خواردنەوەی لە شارۆچکەی دوبزەوە بۆ راکێشرا کە ئەو پرۆژەی تا ڕۆژگاری ئەمرۆش هاوڵاتیان سوودی لێدەبینن. لە هەر گوندێکدا پێویستیان بە بیری ئاو هەبوایە ئەوا تیمەکانی کۆمپانیای نەوت بەو ئەرکە هەڵدەستان. لە سەردەمی بەعسیشدا کۆمپانیای نەوت هەندێك کاری بۆ شارەکە کردووە هەرچەندە ئامانجەکان سیاسی بوون، توانراوە پرۆژەی (( ئاوی بەدیل یان ئەلتەرناتیڤ )) ئەنجام بدرێت ، پرۆژەکە بریتی بوو لە هەڵکەندنی ٨٠ بیری ئاو لە سنووری ناوچەیساڵەیی سەر ڕێگای کەرکوك -پردێ ، پاشان لێکدانیان بەبۆری و گەیاندنی بۆ ناو کەرکوك تا ببێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئاوی کەرکوك لە کاتی ووشکە ساڵیدا کە زێی بچووك دووچاری وشك بوون دەبێت . ئەم پرۆژەیە تەواو ببو تەنها کار پێکردنی مابوو پرۆسەی ئازادی بەسەردا هات و تەواوی بۆری و ئامێرەکانی پرۆژەکە بە تاڵان بران . لە ڕۆژگاری ئەمرۆشماندا دەتوانرێت ئەو پرۆژەیە زیندوو بکرێتەوە تا ئاوی خواردنەوە بۆ تەواوی شارەکە دابین بکرێت بە تایبەت لە وەرزەکانی بێبارانیدا.

٢- بواری ووزە؛ شاری کەرکوك تا ناوەراستی پەنجاکان هیچ هێڵێکی کارەبای پێنەگەیشتبوو نقومی تاریکی بوو، کۆمپانیای نەوتی عێراق توانی لەو کارەبا تایبەتیەی ئامێرەکانی خۆی نزیکەی ٣ هەزار کیلۆ وات بە شارەکە ببەخشێ، بەم چەشنە توانرا بۆ یەکەمجار کەرکوك ڕوناك بکرێتەوە.

سەبارەت بە بەنزین و گازوایلیش ئاشکرایە ڕۆژانە بڕێکی زۆری غاز لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتدا زیاد دەبێت کە بڕەکەی دەگاتە ١٥٠ ملیۆن پێ سێجا کە لەبەر خراپی و کۆنی تەکنەلۆجیا ناتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت و دەسووتێنرێ کە جگە لە بە فیرۆچوونی ژینگەی شارەکەش پیس دەکات. ئەگەر ئیدارەی پارێزگا هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوور بکات دەتوانێت سوود لەو غازە وەربگرێت ئەویش بە هێنانی ژمارەیەك ویستگەی کەبس کردن و بەرهەمهێنانی کارەبا کە سەرەنجام چەندین هەزار مێگاوات کارەبا دێنێتە بەرهەم و شارەکەش لە قەیرانی کارەبا ڕزگار دەکات چیتر دانیشتوان پێویستیان بە موەلیدەی ئەهلی نامێنێت، وێرای ئەمانە تارادەیەکی باش ژینگەی کەرکوك دەپارێزرێت.

کۆمپانیای غازی باکوور بەشێك لە غازی بەرهەم هاتوو لە گەڵ نەوتدا دەگۆڕێت بۆ غازی وشك و غازی شل Dry gas and liquid gas ، غازی وشك بۆ ئیش پێکردنی کارگە گەورەکان بەکاردێت، هەرچی غازی شلە ((LPG)) بۆ ماڵان سوودی لێدەبینرێت، لەم حاڵەتەدا دەتوانرێت چەندین کارگە لە شارەکە بکرێتەوە کەدەبێتە مایەی زیادبوونی بەرهەمی خۆماڵی وێرای کەم کردنەوەی بێکاری و دەستەبەرکردنی بواری کار بۆ دانیشتوانی شارەکە، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی بۆرییەوە غاز دابەشی سەر ماڵان بکرێت کە

# کێڵگەیەکی غاز، ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و لوبنان توندتر دەکات

فەرهاد حەمزە محەمەد*

بەم دواییە ئیسرائیل دۆزینەوەی کێڵگەیەکی گەورەی غازی لە دەریای ناوەڕاست ئاشکراکرد، مەزەندەش دەکرێت ئەو کێڵگەیە تا ناوە هەرێمایەتییەکانی لوبنان درێژە بکێشێ.

دۆزینەوەی ئەم کێڵگەیە مقۆمقۆی لەناو پەرلەمانی لوبناندا دروستکردووە و جوڵەیەک لە ئارادایە بۆ دەرکردنی یاسایەک کە تایبەت بێت بە گەڕان بەدوای نەوت و غاز لە ناوە هەرێمایەتییەکانی ئەو وڵاتە.

بەپێی توێژینەوەیەکی پەیمانگای جیۆلۆجی ئەمریکایی کە لە کۆتایی مانگی نیسانی ئەمساڵ دەریکردووە، دەریای سپی ناوەڕاست بڕێکی زۆر غازی سروشتی لە ژێردایە کە بە (١٢٢) ترلیۆن پێ سێجا دەخەمڵێنرێت. هەروەها بەپێی توێژینەوەیەکی یەکێک لە کۆمپانیا نەرویجییەکان (٢٥٦) ترلیۆن پێ سێجا غاز و (٣٠٨) ملیۆن بەرمیل نەوت لەژێر ئاوی لوبناندا هەیە. سەبارەت بەو کێڵگە غازەی کە ئیسرائیل دۆزیویەتییەوە بڕی (١٦) ترلیۆن پێ سێجا غازی تێدایە و حکومەتی لوبنان خۆی بە شەریکە بەشی ئەو سامانە دەزانێ.

جۆرج عدوان ئەندام پەرلەمانی لوبنان داوا لە حکومەتی وڵاتەکەی دەکات پەلە بکەن لە یەکلاییکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و تەئکیدکردنەوە لە مافی لوبنان لەو غازە.

لەلایەکی تریشەوە حزبوڵڵای لوبنانی خۆی لەو مەسەلەیە هەڵقورتاندووە؛ ئەوەتا نەواف موسەوی ئەندامی ئەو حزبە شیعییەی هاوسۆزی ئێران دەڵێت: «ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە بەرگری دەکەین بۆ پاراستنی سامانی نیشتمانیمان کە لە ئێستادا خۆی لە غاز و نەوتی ژێر ئاوی لوبناندا دەبینێتەوە».

لوبنانییەکان ترسی ئەوەیان هەیە ئیسرائیل دەستبکات بە پرۆسەی هەڵکەندنی ئاسۆیی (horizontal drilling) و بەشەکەی لوبنانیش بۆ خۆی هەڵلوشێت.

بە بۆچوونی چاودێرانیش دوور نییە دۆزینەوەی ئەم کێڵگە غازییە ببێتە فاکتەرێکی تری گرژکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە کە هەر لە بنچینەدا پەیوەندییەکی گرژ و ئاڵۆزە و تائێستاش بەشێوەیەکی ڕەسمی هەردوو وڵات لە دۆخی جەنگدان. هەروەها بە دووریش نازانرێ ئەم کێشەیە بگوازرێتەوە بۆ هۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.

* ئەندازیاری جیۆلۆجی

ئاسۆ ژمارە (١٤٧٦) لە ٢/٨/٢٠١٠

